# حزور

سمكۆ عەبدولكەريم

## لەبەرامبەر خۆسوتاندنی قوتابیان ، کێ بەرپرسیارە و بۆ کەس قسەی نیە

* دیاردەی خۆسوتاندن و خۆکوشتن بەشێوەیەکی بەرچاو ناوەندەکانی خوێندنی گرتۆتەوە و ناکرێ وەزارەت و بەرێوەبەرایەتی پەروەردە هەڵوەستەی لەسەر نەکاو بەهەند وەری نەگرێ .
تەنیا لەماوەی پانزەرۆژ دا دووقوتابی کچ خۆیان سوتاندووەوقوتابیەکی کوڕیش بەگوللە خۆی کوشتوە ، بۆیە بەشێوەیەکی سەرەکی ئەرکی وەزارەتی پەروەردە یە لە رووی کۆمەلآیەتی و دەروونی و پەروەردەیی یەوە لەسەر ئەم دیاردەیە بوەستێ و لەهۆکارەکانی بکۆڵێتەوە ، چونکە ناکرێ ئەو مەسەلەیە هەروا بەسانایی بەسەرماندا تێپەڕێ و کەس قسەی لێوە نەکات .

## سەرۆکمان سەدامە

* لەوچەند رۆژەدا خاتوونێکی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی ئەوەی بۆ باس کردم کەلەیەکێ لەقوتابخانەسەرەتایی یەکانی شاری هەولێر ژمارەیەکی زۆر قوتابی کۆکردۆتەوەو پرسیاری ئەوەی لێکردوون کە کێ سەرۆکمانە هەر هەموویان گوتویانە سەدام .
بێگومان قوتابیەکان هیچیان بەهەڵەدا نەچوونە ، چونکەدوای 13سالٚ دوور لەدەستی حیزبی بەعس و دووسالٚ تێپەڕبوون بەسەر روخانی و سالێك بەسەر دەستگیرکردنی ئێستاش سالآنە ئەو کتێبانەیان دەدرێتێ کەبەوێنەو فەرموودەکانی سەرۆکی فەرماندە (صدام حسێن)خوا بی پارێزێ دەست پێ دەکات .

## سەوزەڵێ و زەردەڵێ

- ئەوەی لەوماوەیەدا زۆر سەرنجی راکێشاوم ئەو کچە گۆرانی بێژانە کوردانەن کەناوە ناوە بەسەردان لەئەورووپاوە دێنەوە کوردستان کاتێ لەکوردسات بەرنامەیان بۆدەکەن جل و

بەرگێکی سەوز لەبەردەکەن ، کاتێکیش لەکوردستان TV بەرنامەیان بۆدەکەن بـەرگێکی زەرد دەپۆشن .

## تۆش چوویتە خزمەت سەگی برا گەورە

- لە دوا کۆبوونەوەی پەرلـەمانی کوردسـتان کـە لـە 2005/1/15 بەڕێوەچـوو زۆربـەی ڕۆژنامەنووسان مقۆمقۆی ئەوەیان بوو کە هەریەکەیان بە ئەوی دیکـەی دەگـووت : تـۆش چوویتە خزمەت سەگی برا گەورە؟

من دواتر تێگەیشتم کەلە گەڵ ئەو سەگانەیانە کە پاسەوانە تایبەتـە ئەمریکیـەکان لـە گـەل خۆیان هێنابویاننە پەرلەمان.

پیوویست ناکات باسی ئەوەش بکەم دوای ئەو هەموو پشکنین و ماندوبوونە سەرۆکی پەرلەمان چۆن داوای کرد بە پەلە ڕۆژنامە نووسان لە هۆڵی کۆبوونەوە بکرێنە دەرەوە ئەوان دواتر چی بـۆ بلاۆکردنەوە بشێ دەیاندەنێ.